# کەرەستەکانی نەشتەرگەری سنگ و دڵ

## نووسینی، لیندزی جۆیز


## وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، حسێن محەمەد

## ئەو کەرەستانەی لەکاتی نەشتەرگەری سنگ و دڵ دا بەکاردەهێنرێن

لەم وتارەدا باسی ئەو کەرەستە جۆراوجۆرانە دەکەین لەکاتی نەشتەرگەری سنگ و دڵ دا بەکاردەهێنرێن، لە نێویشیانا دوورخەرە و دەرزی هەڵگر و هەڵگرە و هەروەها کەرەستە تایبەتییەکانی تری دڵ. ئەو نەشتەرگەرییانەی دەکرێت بەم کەرەستانە ئەنجام بدرێن بریتین لە موتوربەی لوولە خوێنبەری لاوەکی تاجینەی دڵ(CABG) و نەشتەرگەرییەکانی زمانە و شاخوێنبەری دڵ و ئەو نەشتەرگەرییانەی تر تیایاندا پێویستە بەدڵ بگەین.

## دوورخەرەی ڕوڵتراکت


ئەم دوورخەرەیە بۆ دەرخستنی خوێنبەرەکانی ناوەوەی مەمک بەکاردێت. لە چوار بەش پێکهاتووە، ستوونەی بنەوە گیرەی لەگەڵە و لە ژووری نەشتەرگەری جێگیر دەبێت، لێواری قوفڵ و بەندێک کە ڕێ خۆشدەکات دوورخەرەکە بەرزبکرێتەوە، خلۆکەیەک کە کێبڵی لەگەڵە و دەکرێت لەسەر لێواری قوفڵ و بەندەکە بۆ ڕێنیشاندەری پێویست بجووڵێت، شەپنە بۆ بەرزکردنەوەی کۆڵەی سنگ. دوای ئەوەی کۆڵەی سنگ دەکرێتەوە، شەپنەکان بە کۆڵەی سنگەوە دەنووسرێن و پاشان بەرزدەکرێتەوە، ڕێ خۆش دەکات تا خوێنبەری ناوەوەی مەمک ببینرێت.




فیگەری ١، دوورخەرەی ڕوڵتراکت، ئەی، خلۆکە/کێبڵ، بی، ستوونەی بنەوە، سی، شەپنە

## دوورخەرەی کۆڵەکەی سنگ

دوورخەرەی کۆڵەی سنگ بۆ جوداکرنەوەی کۆڵەی سنگ بەکاردێت و ڕێ خۆش دەکات دڵ و شاخوێنبەر لەکاتی نەشتەرگەریدا ببینرێت و بەردەست بێت. لەکاتی نەشتەرگەریدا لە کۆڵەکەی سنگ دا دەمێنێتەوە. دوورخەرەی ڕاست بە بڕبڕەیەکەوە جێگیردەکرێت لەگەڵ ئەو کەلێنانەی بۆ دوورخەرەی بەشی چەپی سنگە تا پێوەی بنووسرێت.  دەکرێت دوورخەرەی چەپی سنگ سەرو خوار بکات تا بەباشترین شێوە بڕبڕە ببینرێت.




فیگەری٢، دوورخەرەی کۆڵەکەی سنگ، ئەی، لای ڕاستی سنگ، بی، لای چەپی سنگ

### کەرەستە وایەرەکان

کەرەستە وایەرەکان لە دوادوایی نەشتەرگەریدا بەکاردەهێنرێن.

وایەری دەرزی هەڵگر قورس و ئەستوورە و بۆ دابەزاندنی وایەر و کردنەناوەوەی وایەر بە کۆڵەکەی سنگەوە بەکاردێت تا  دوای تەواوبوونی نەشتەرگەری دابخرێت.


وایەر بڕ بۆ بڕینی وایەر بە درێژیی خوازراو بەکاردێت بۆ داخستنی کۆڵەی سنگ.

وایەر پێچ دەر بۆ پێچ دانی وایەر لە هەر لایەکی کۆڵەکەی سنگ بەیەکەوە.

وایەر لابەر بۆ لابردنی ئەو وایەرانە بەکاردێت پێشووتر بۆ نەشتەرگەری دڵ دانراون.



فیگەری ٣، دەرزی وایەر هەڵگر




فیگەری ٤، ئەی، وایەر بڕ، بی، وایەر پێچ دەر، سی، وایەر لابەر

## مشاری کۆڵەی سنگ

ئەم مشارەش بۆ کردنەوەی کۆڵەی سنگ بۆ ئەنجام دانی نەشتەرگەری دڵ بەکاردێت و بە پیل ئیش دەکات. دەکرێت تیغەکەی بەرزو نزمی پێ بکرێت، بەپێی ڕوانینی نەشتەرگەرەکە. پارێزەیەک هەیە بۆ ئاگاداربوون لە تیغەکە کە دەکرێت بسووڕێنرێت لە هەر ڕێگەیەک کە تیغەکە داگیرێت.





فیگەری ٥، مشاری کۆڵەی سنگ

## کەرەستەکانی نەشتەرگەری تاجی دڵ

ئەم کەرەستانەش بریتین لە مەقەست و دەرزی هەڵگر و هەڵگرە و ئامێری کشێنەر. ئەمانەش کەرەستەی ناوازەن بۆ گرتنی دەرزی گچکە و دەرگیرکردنی ئەو خوێن هێنەر و خوێنبەرانەیە کە بۆ دروست کردنی لوولە بۆ لوولەی لاوەکی بەکاردێت. خوێن هێنەر و خوێنبەری لا لوولەکان دەبێت بە ووریایی هەڵگیریت تا نەدڕێن.

مەقەستی نەشتەرگەری تاجی دڵ کەرەستەیەکی ناسکە و بۆ توێکردنی خوێنبەر و خوێن هێنەر لەکاتی نەشتەرگەریدا بەکاردێت. نەشتەرگەر لوولەی خوێنبەر و خوێن هێنەر دەبڕێت تا بە باشترین شێوە بۆ لا لوولەکە بگونجێت. سەرە جیاوازەکانی مەقەستەکە دەکرێت وا بکات شێوە و درێژی لوولەکە بەشێوەیەکی خوازراو بێت بۆ بەکارهێنان، بەزۆی درێژییان ٠-٥ میلیمەتر یان کەمتریش دەبێت. نووکیان بچووکترە تا دەرزی بچووکتر لەخۆبگرن.




فیگەری ٦، ئەی، ووردە مەقەستی درێژ، بی، مەقەستی گۆشەی هەڵگەڕاوە، سی، مەقەستی گۆشەی ڕاست، دی، مەقەستی ڕێکی دەمار، ئی، گچکە مەقەستی کورت

دەرزی هەڵگری نەشتەرگەری تاجی دڵ(هەندێک جاریش پێی دەڵێن دەرزی هەڵگری کاسترۆ) لە بواری نەشتەرگەری دڵ بەکاردەهێنرێت بۆ داگرتنی دەرزی گچکە، بەزۆری درێژییەکەی پێنج میلیمەتر تان کەمتریش دەبێت. نووکەکەی بچووکترە تا دەرزی بچووکتر لەخۆ بگرێت.



فیگەری ٧، دەرزی هەڵگری دانەخەر



فیگەری ٨، دەرزی هەڵگری داخەر

هەڵگری تاجی بۆ دەرگیرکردنی موتوربەی جۆگەی خوێنبەر و خوێن هێنەر بۆ شوێنی لا لوولە بەکاردێت. هەروەها بۆ گرتنی جۆگەش بەکاردێت لەکاتێکا نەشتەرگەر موتوربەی شوێنەکەی دەکات.



فیگەری ٩، هەڵگری سکانلان

کشێنەری تاجی دڵ بۆ پێوانی تیرەی ناوەوەی جۆگەی خوێنبەر یان خوێن هێنەر بەکاردێت. قەبارەی ئەم کەرەستەیە ١,٠ میلیمەتر بۆ ١,٥ میلیمەترە. دەکرێت ڕاستەوخۆ بۆ ناو موتوربەی جۆگەی خوێنبەر یان خوێن هێنەر دابنرێت.



فیگەری ١٠، کشێنەری تاجی دڵ

## تێپەڕێنەری خوێن بەستی ڕومێڵ

ڕومێڵ بۆ توندکردنەوەی تاڵە دەزووی جزدان بەکاردێت بۆ دەرگیرکردنی خوێن بەربوون لە شوێنی کانولا داناندا. قەستەرەی کورتی سووری لاستیکی بەسەرەوەی کەرەستەکە دادەنرێت تا یارمەتی تێپەڕینی تیپی ناوک بەدەوری دەماردا بدات.



فیگەری ١١، تێپەڕێنەری خوێن بەستی ڕومێڵ

## بەکاربەری گاسەک(بوڵدۆگ)

گاسەک بۆ داخستنی دەمار بەشیوەیەکی کاتیی بەکاردێت. بەکاردەهێنرێت، بەڵام دواجار پێش تەواوبوونی نەشتەرگەری لادەبرێت. هەروەها بۆ دەستنیشان کردنی ئاراستەکردنی دەماریش بەکاردەهێنرێت، لە ناوەندەوە بێت یان نزیکی ناوەند بێت.




فیگەری ١٢، ئەی، بەکاربەری گاسەک، بی، گاسەک لابەر، سی، بەکاربەر/لابەری گاسەکی دەمار



فیگەری ١٢، گاسەکی دەماری بەکارهێنراو لە بەکاربەری گیرەدا



فیگەری ،١٣گاسەکی قەبارە سازاو لە بەکاربەردا

**گیرەی سۆندە دانان**

ئەم گیرەیە بۆ توندکردنەوەی ئەو کەلێنەی سۆندە پلاستیکییەکانی ئامێری سنگ و دڵە کە بە نەخۆشەوە پەیوەست دەکرێت. بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی تەوژمی خوێن بۆ/لە جەستەشدا بەکاردێت.



فیگەری ١٤، گیرەی سۆندە دانان

## گیرەی دڵ و بۆرییەکانی خوێن

چەند جۆرە گیرەیەکی دڵ و بۆرییەکانی خوێن هەن لەبواری نەشتەرگەری دڵ دا بەکاردێن. ئامانجی بەکارهێنانیشیان بۆ کەم کردنەوە یان ڕاگرتنی تەوژمی خوێنە بەتەواوی، بەجۆرێک بکرێت کار لەسەر خوێنبەر بکرێت.

گیرەی دێرای نیمچە داخەر دوو قەبارەی هەیە، ئەوەی بەکاردەهێنرێت بەپێی ئەو دەمارەیە نەشتەرگەری لەسەر دەکرێت. ئەم جۆرە گیرەیە ڕێگەی هەندێک لەخوێن دەدات لە ڕێگەی خوێنبەرەوە جەمان بکات لەکاتێکا کاری لەسەر دەکرێت.



فیگەری ١٥، گیرەی نیمچە داخەری دێرا

جۆره گیرەیەکی تری دڵ و بۆرییەکانی خوێن گیرەی دێ بێکەیە. گۆشەکەی قووڵترە و تا دەوروبەری دەمارە گەورەترەکانی وەک شاسوەدەماری پێ بگیرێت. خۆی کاتێک ئەم گیرەیە بەکاردەهێنرێت، خوێن جمانی تەواو بۆ شاسوەدەمار ڕادەگیرێت، جا لەبەرئەوە هیچ خوێنێک جمان ناکات، لەو کاتەی خوێنبەر نەشتەرگەری لەسەر دەکرێت.



فیگەری ١٦، گیرەی دێ باکەی

گیرەبڕی شاسوەدەمار گیرەیەکی زۆر گرنگە لە هەموو نەشتەرگەرییەکی دڵ دا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش جۆرێکی گەورەتر و گۆشەدارتری گیرەی دێ باکایە. ئەمەش بۆ چەپاندنی شاسوەدەمار بەکاردێت تا ڕێگری لە تەوژمی خوێن لەکاتی نەشتەرگەریدا بکات. سەرخستەی نەرم لەسەر ئەم گیرەیە بەکاردەهێنرێت تا بەزەبر نەبێت، بەم جۆرە زیان بە شاسوەدەمارەکە ناگەیەنێت.





فیگەری ١٧، گیرەبڕی شاسوەدەمار

**شووڵی ناوکی دڵ**

هەندێک جار واپێویست دەکات لەکاتی نەشتەرگەریدا دڵ مەڵۆ بکرێت، ئەم شووڵەش هەر بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە. ئەم شووڵە پاکژ ڕادەگیرێ لەکاتێکا پەتێکی درێژ لەبواری سڕکردن لەجیاتی بەکاردێت تا بکرێتە ناو ئامێری کۆنترۆڵ کردنی کرژبوونی ناڕێکی ماسولکەی دڵ. لەبەرئەوەی شووڵ ڕاستەوخۆ بۆ دڵ بەکاردێت، بڕێکی کەمی وزە بەکاردەبرێت.

سەرچاوە:-

https://www.aorn.org/article/cardiothoracic-instrumentation